www.kurdistannet.org
2-6-2007 14:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

داکۆکی لە فیمینستی شیعر دا ... سەرهەنگ خامۆش

کاتی بابەتێك ڕەخنە ئامێز دەبی بێگومان چەندەها هەڵوێست لە دایك دەبی و دەچێتە نێو چوار چێوەی وەڵامەوە، ئامازە کردن بە بایەخ دان بە دەقی شیعری مێینە بەرامبەر بەوەی کە زۆر بە دەگمەن لە سەر ئەزموونی شاعیرێکی نێر دەنوسری ئەگەر چی نکۆلی بوون ناکرێتە سەر چەند دەنگێکی شیعری هەندی شاعیرانی بەڕەگەز مێینە کە بەڕاستی دەتوانین شیعرەکانیان لە چوارچێوەییەکی بەهادار دا بەرجەستە بکەین... خۆی لە بنەڕتدا شیعر ڕەگەزێکی مێینەیە و هەست و نەست و جۆش و خرۆش و وێناندنی ئەو هەموو ڕیتم و ئیستاتیکا و کاتشوێن و سیمبولیزم کە لە دەقێکی شیعری دا بەرجەستە دەبی سەرەنجام دەقێکی ئەفرێنراو لە شێوەی فریشتەیەکی سپی پۆش دوور لە دونیای ڕیا و تیرۆری هەست و هزر و جەستە و ڕۆحی مرۆڤ لە دایك دەبی، هەر تەنها شیعرە وەك بەرهەمێکی مێینە سروش بەخش و دونیابینی ئەو شاعیرە داهینەرە یەکە فیمینزمانە یان مێگەرانە وەك دەقێکی نوسراو خۆی دەخاتە بەر دیدی خوێنەر - ڕەخنەگەرەوە بۆیە ڕەخنەی کوردی وەك ژانرێکی ئەدەبی نەیتوانیوە سەودا لەگەڵ شیعربکات ئیدی گوناهی ئەو شاعیرە ڕەخنەگرانە چی یە کاتیك کە دەیانەوی سەودا لەگەڵ دەقی شیعری شاعیرێك بکەن؟ ڕەخنەگر هەمووکاتیك دەتوانی بچێتە بنج و بنەمای شیعر و جگە لە وەی کە مەدح و سەناو کەم کوڕی و لایەنە تەم و مژەکان بەرچاو دەگری و دەیخاتە قاڵێبکی ڕەخنەییەوە کە ئەمەش دەوەستێتە سەر ئایدیا و ڕادەی ڕۆشنبیری ڕەخنەگر بەبی هی چ موجامەلەیەکی ڕەگەزی و شیعری، ڕەخنەگری کورد پێویستە بایەخ بە زمانی شیعر بدات هەست بە بوونی زمانی شیعر و زمانی قسەکردن بکات بە بی جیاوازی ڕەگەزایەتی هەربۆیە چقاگی ڕۆشنبیری کوردی لە ڕووی ڕەخنەوە لاوازە و هێندە خەم سارەد لە ئاست هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی زانستی ئەکادیمی لەمەڕ شیعرەوە بۆیە ناکری منی نوسەر یا خوێنەر بێدەنگ بم لە ئاست ئەو بابەتانەی کاتێك بە ناوی سەرنج یا ڕەخنەیەکەوە ڕوربەڕوری هەوری خاکەڕایانەی ئەو نوسەرانە دەبن کە دەیانەوی لە گۆشەی نیگای خۆیانەوە لە دەقێکی شیعری یا بابەتێك بدوێن چونکە هەرخودی ئەو سەرەنجامەی کە بە ناوی ڕەخنەوە وەك جۆرێك لە ئیرەیی پی بردن لە سەر فیمینزمی شیعرەوە هەرخۆی لە خۆی دا ئەم جۆرە نوسینانە ئایۆنکراون بە تێڕوانینێکی پیاوسالارانەی ئایدۆلوژی دۆگمای ئێکسپایەرەوە...

Xamosh_s@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.